Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10326

# یاخیبوون لای شاعیرانی کورد

**ئاوات رحیم کریم[١]، فەرهاد قادر کریم[٢]**

١-بەشی کوردی،کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی کوردی،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەرکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تێروانین و هەڵوێستی یاخییانەی شاعیرانی کورد بەرامبەر بەدەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ......هتد، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی بیری یاخیبوون، بریتییە لەو بارودۆخەی، کەلەو رۆژگارەدا هاتبووەکایەوە کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەرپابوو، لە کوردستاندا ئەمانەرۆڵیان هەبوو ، لەسەرهەڵدانی بیری یاخیبووندا ، بە تایبەت لەڕووی مێژووی و سیاسییەوە، بەواتایەکی تر یاخیبوون لەخۆڕاو دوور لە واقیعی نەتەوەوسەرچاوەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکانەوە نایەتەدی، شاعیریش لە رێگای هەڵسەنگاندنی لایەنی سیاسی و کەلتووری و گێرانەوەی رووداوەکانی رابردوو و خوێندنەوەی بۆ ئایندە، یاخیبوون لەلای سەرهەڵدەدات.

شاعیر مرۆڤێکە خاوەن هەست و سۆزێکی تایبەتە لەناو کۆمەڵگەکەیدا، هەمیشە سەرنجی لەسەر دەردەکۆمەڵایەتییەکان و سیاسی و مێژووییەکانە، ئاگاداری خواست و ئاواتی چین وتوێژەکانی ناو کۆمەڵگەیەتی، لەڕاستییدا نووسەر لە روانگەی تایبەتی خۆیەوە بەدوای چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکاندایە، کە هەستی پێکردووە، هەرکاتێکیش هەست دەکات رووداو و هەڵوێستەکان لەرێرەوی سروشتی خۆیان لادەدەن و دەبنە مەترسی، دەبێتە مرۆڤێکی یاخی .

***Article Info***

Received: May, 2023

Revised: May, 2023

Accepted: June, 2023

***Keywords***

یاخیبوون- بەرەنگاری – شۆرش- شانازی.

***Corresponding Author***

farhad.qadirkarim@garmian.edu.krd

awat.rahim@garmian.edu.krd

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیەمان لەسەربیری (یاخیبوون لای شاعیرانی کورد) ئەنجام داوە، شاعیرانی کورد لەنێو ماوەی ژیانیاندا تووشی هەڵچوون و داچوون بەخۆیان بوون، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە تیشك بخاتە سەر کاردانەوەیان سەبارەت بە پرسە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەی بە پێویستی دەزانین ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە، کە هەڵوێست وەرگرتن لەسەر بابەتێك یاخود روداوێك خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی سەرەتاییە بەئاراستەی یاخیبوون، بەهەمان شێوەش شانازی کردن، چونکە لەمیانەی شانازی کردنی شاعیر بەخۆی وداهێنانەکەی، خۆی لەشاعیرانی تر جیاکردۆتەوە، ئەم خۆجیاکردنەوەیەش، بێگومان بنەڕەتێکی یاخیبوونە، بۆ ئەمەش پشت بە دەقەشیعرییەکان بەستراوە و توێژینەوەکە دابشکراوەتەسەر دوو بەش، لەبەشی یەکەمدا یاخیبوون وەکو زاراوەو چەمك باسکراوە،لەبەشی دووەمدا یاخیبوون لای شاعیرانی کورد، بەنموونەی دە شاعیری دیار خراوەتەڕوو، کە بریتین لە((باباتاهیری هەمەدانی، ئەحمەدی خانی، نالی، مەولەوی، حاجی قادری کۆیی، پیرەمێرد، ئەحمەد موختار جاف، گۆران، فائق بێکەس، قانع))

بۆ ئەمەش پشت بەرێبازی ( وەسفی – شیکاری ) بەستراوە و پاشان ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و پوختەکەی بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو، لەگەڵ ریزکردنی ناوی ئەو سەرچاوانەی، کە بۆ پێگەیشتن و ئەنجامدانی توێژینەوەکە سوودمان لێوەرگرتوون .

## بەشی یەکەم / چەمک و زاراوەی یاخیبوون

### ١-١- زاراوەی یاخیبوون لە ئەدەبدا

یاخیبوون لەو زاراوانەیە، کەبووەتە جێی سەرنجی فەیلەسوف و کۆمەڵناس و دەروونناسەکان و لەگۆشەنیگای جیاوازەوە لێیان روانیوە و کۆڵیوەتەوە هەرچەندە بۆ یەکەمجار ((زاراوەی یاخیبووان ئاماژە بوو، بۆ ئەوانەی لە کەنیسەی

بەریتانی (dissenters) جیابوونەوە، ئەم زاراوەیە لە موعجەمی زاراوە ئەدەبییەکاندا بەمانا هزری و کۆمەڵایەتی وئاینییەکەی بەچەند شێوەیەکی فەرهەنگی هاتووە، کە ئەمانەن :

1-سەرپێچی: دەرچوون لە ڕاوبۆچوونی باو یان هەر ڕاوبۆچونێك دەسەڵاتی بەهێزی دەوڵەت دەیسەپێنێت ، گوزارشت کردن لەم زاراوەیە بوو بەهێماو شەقڵی ڕۆشنبیرانی جیهانی لەکۆمەڵگەیانەی لەژێر فشاری توندی ستەمکاریدا دەیانناڵاند.

2-یاخیبوون دەرچوونە لەیاساکانی کۆمەڵگەو یاساو ڕێسای گشتی و داننەنان بەدەسەڵاتی هیچ دەسەڵاتدارێکدا.

3-جیاوەبووان(لادەرەکان) : کۆمەڵێك – چینێك لە ئینگلیزی پرۆتستانت بوون جیابوونەوە، لەکەنیسەی ئینگلیکانی، چوون باوەڕیان وابوو کەنیسە لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا لەپەیامی ڕاستی مەسیحییەت لایداوە )). (سلوم، 2007 :11-12)

لەزمانی ئینگلیزیدا ئەم زاراوانەی بۆ بەکارهاتووە (revolution) و (reblution) (جعفر،1998:126)

هەریەك لە وشەکانی (( Insurgent،.Insurrection ، Rebellion،Rebel،Rebellious،Revolt،Mutiny ، Disobedient -Disobedience،Wayword ، contumacious -Contumacy،Turbulence لەو فەرهەنگەدا بە واتای ئەمانە ((سەرپێچیکردن، یاخیبوون، سەرپێچیکارەکان، یاخیبوون لە دەسەڵاتی- مەدەنی یان حکومەتی ئێستا، لە دەرەوەی کارکردن دژی سیاسەت، یاخود بڕیارەکانی پارتە سیاسیەکەی، سەرپێچی یاخیبوو، شۆڕش، یاخیبوون، یاخیبوون، یاخیبوو، یاخیبوو، سەرپێچیکردووە، دەتەقێتەوە، یاخیبوون، یاخیبوو، یاخیبوون، شۆڕشگێرانە - کەلەڕەق، خۆرەکان، چارەسەرنەکراو، شۆڕش، یاخیبووەکە : سەرباز یان دەریاوانێکی یاخیبوو، شۆڕش دژی، سەرپێچی بکەن، سەرپێچیکردووە، یاخیبوو، کەلەڕەق، یاخیبوو، سەرپێچیکردووە، لەبەر گوێڕایەڵی، یاخیبوو، ئاژاوەگێڕ، کێشەدارە، توندو تیژ، تووڕەبوون)) ( البعلبکی،2010: 598،964،754،269.354،1266) هاتوون لەعەرەبیدا ، دەستەواژەی یاخیبوون لە فەرهەنگی (لسان عربی )ی (ابن منظور) دا تێڕوانینێك لە بابەتی (مرد) هەیە، کەبە ((کونە کۆتر (هێلانەی کۆتر ) دەوترێت، ( التمراد) (التماریـد) یش، کە کۆکەیەتی، کە هێلانە گەلێکی بچوکن لەسەر یەکتر و ووشەی (المارد) بەواتای بە فیزو لەخۆبایی (تمرد) یش بەواتای لەخۆبایی و یاخی دێت)) ( ابن منظور،جزء الثالث ، 1984 : 401 -402)

بە پێی کتێبی (معجم العین)ی (خلیل ابن احمد الفراهیدی)، کەلەمادەی (( م رد : المرد : واتە سەوڵ، ئەو سەوڵەی، کە کەشتییەوان کەشتیی پێ پاڵدەنێت کرداری مرد – یمرد- مردا- والمرادة، هەموویان سەرچاوەکەیان (المارد)ە، (المرید)یش بەشەیتانەکانی انس و جن دەوترێت (تمردعلیة) واتە لێی یاخی بوو))(الفراهیدی،جزء الثامن ، 100-175ھ:37)

لە زمانی فارسیشدا لەفەرهەنگی هەژیر وشەکانی ((یاغی بوون - یاغی گیری)) (پور،2008 :1403)، بۆ وشەکە دانراوە.

بەرامبەر بە زاراوەی یاخی بوون لەزمان و ئەدەبی کوردیدا، زۆر زاراوە بەکارهاتوون، کەهەندێ لەو زاراوانە لەزمانانی ترەوە وەرگیراون، هەندێکی تریش دروستکراون، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەکردنە بە خودی زاراوەی یاخیبوون لە فەرهەنگی( ئەستێرە گەشە) دا یاخی بوون بەم شێوەیە خراوەتەڕوو، یاخیبوون واتا : تمرد، عصیان، خروج علی قانوون، الثورة، یاخی : خارج علی القانوون \ مناوئ، طرید العداله / محروم من حمایة العداله، عاصی، متمرد، ثائر))(نظام الدین، 1990:554)

لەفەرهەنگی (فوئاد)یشدا ئەم وشانە جیاکراونەتەوە Insurgency، کەبەبەواتای ((شۆڕش و هەڵسان یاخی دەبێت))( بەکر، 2005:258)، هاتووە.

لە فەرهەنگی(شوان) وشەی یاخیبوون کۆمەڵێ واتای بۆ دیاریکراوە، ئەوانەش بریتین لە ((ئەشقی بوون، دەست دانە چەك دژی دەوڵەت، سەرکێشی، سەربزێوی یان کاری بێ یاسایی)) (حسن ، 2007:927).

هەروەها (مەحەمەد مەردۆخی) یش وشەی یاخیبوون بەواتای ((سەرکێشی یان سەربزێو)) (ڕەهنمون، 1388:838.) واتاکەی دەست نیشانکردووە، کەچی لەفەرهەنگی (ناهیدە) وشەکە، بەم شێوەیە ماناکەی دیاریکراوە، کەبە واتای ((نافەرمانی، بەرهەڵستی دەوڵەت و هەڵسان و دژایەتی کردن )) ( ناهید ،2011:709) دێت.

هەروەها لە فەرهەنگی(کوردستان) ی (گیوی موکریانی)دا، وشەکە بە واتای ((هەڵگەڕانەوە، سەرکێشی، زیت بوونەوەو قاچاغی یان ئازادی خوازتن دێت)) (موکریانی، 1347:2017 ).

هەموو ئەو واتایانەی، کەلەو فەرهەنگە جیاوازانەدا خستوومانەتەڕوو، بەرامبەر بە وشەی (یاخی بوون)دانراون، لەگەڵ ئەوەشدا واتاکان زۆر نزیکن لەیەکەوە، بەشێوەیەك، کەهەردوو وشەی یاخی بوون و شۆڕش زۆرجار پێکەوە گرێدراون، لەپاڵ ئەمەشدا، دەتوانین بڵێین، کەزاراوەی یاخیبوون ڕاڤەی تری بۆ کراوە، بەتایبەتی لە لایەنە سیاسییەکەوە، کە بەواتای بەگژداچوون و ڕەتکردنەوەی

بڕیارەکـانی دەســەڵاتە، هەروەهــا لەســەردەمی ئێستاشــدا بەتـایبەت لە فەرهەنـگی سیاسـیی و نیشـتمانی دا بەمانـای مـل نەدان و ڕووبەڕووبـونەوە هـاتووە، لەکـایەی ئەدەبیشـدا بە مانای ئەوە دێت کاتێك ئەدیب هەڵوێستێك دەگرێتە بەر، کە پەیوەستە بە بیرو باوەڕی خـۆی بە شـێوەیەك، کە ئەو بیرو بـاوەڕە هاوتەریـب نیـیە، لەگەڵ بڕیارەکـانی دەسـەڵات یـا کۆمەڵگا وەدوروبەرەکەی تـارادەیەك، بەکـورتی یـاخیبوون بـریتییەلە ((نـامۆبوون لە سروشـت و کۆمەڵگـا، کەسی یـاخی خۆی لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی خۆی دادەبڕێ و دەیەوێت خۆی کەسـێکی سـەربەخۆ و تەنهـاو خـاوەن کەسـایەتیی خـۆی بێـت، بە جۆرێـك مـرۆڤی یـاخی ،هەم خـۆی و هەم ئەو کۆمەڵگایەی، کە تێدا دەژی ، بە نامۆ دەبینێت)) (میرە، 2020:23).

ئەم چەمکە بەلای هەندێ توێژەری تـرەوە فراوانترو بەربڵاوتر دەبینرێت، وەك دەوترێت ((یاخیبوون دەرچوونێکەلە یاساکانی کۆمەڵگـا و یاسـاکانی ڕێکخسـتنی گشـتی و بەدەسـەڵاتی هـیچ دەسەڵاتێك نەژمێردرێت )) (فتحية ، رانية 2019 :7)

بەڕەچـــاوکردنی واتـــای یـــاخیبوون لەڕووی مەبەســـت و فەرهەنگـیـەوە، بەپێویسـتی دەزانـین ئەم سێ خـاڵە بخەیـنە ڕوو:-

1- گرێدان لەنێوان وشەی یاخیبوون و شۆڕش دا .

2- یاخیبوون هەبوونی خواستی تاك، یان گروپێك بۆ گۆڕانکـاری یـان هەڵوەشـاندنەوەی بابەتێـك، وەك داب و نەریتی کۆمەڵایەتی سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی.....

3- یـاخیبوون لەسـەر یاسـاو دەسـەڵاتی سـیاسی (بـۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گولی، 2008 :72)

### ١-٢- چەمکی یاخیبوون

یاخیبوون چەمکێکی فـرە ڕەهەنـدە، چـونکە لەکـۆمەڵێ بـوار و مەبەسـتی تـردا بەکاردەهێنرێـت، یـاخیبوونی ئەدەبی بەگشـتی و یـاخیبوونی شـیعری بەتـایبەتی یەکـێکە لەو بـوارە گرنگـانەی، کە لەنێـو بوارەکـانی ئەدەبـدا گـرنگی پێـدراوە، یاخیبوون وەکـو دیاردەیەك لەسـەرجەم بوارەکانی ژیانـدا دەبینرێـت، بـۆیە ئاسـان نیـیە، ئەمەش بێگومـان بەهـۆی چەشنی جیاوازی فەرهەنگی زمان و کەلتوورو لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیری کۆمەڵگا ((چـونکە هەمـوو زمانەکان کاتێـك دێـنە سەرپەسـنی دۆخـێکی دەروونی یـان پەسـنی هەڵچـوونێکی نـاخ کەم و کوڕیـان هەیە)) (نقشـبندی،2004 : 34).

هەروەها دەربارەی پێناسەی یاخیبوون کۆمەڵێ پێناسەی جۆراو جۆر کراوە، یاخیبوون بریتیە لە پێشێل کردنی فۆرم و یاسا و فەرمـانڕەوایی وڵات و دانـانی فـۆرم و یاسـای تـر، کەتەواو جودایە لەهەڵوێستێکی باو (( یاخیبوون لە واقیع لادان لەوەی بـاوە و هەڵوەشـاندنەوەی چەمـکە کۆنینەکان و سـەر لە نـوێ دارشـتنەوەیان بەشـێواز و فـۆرم و نـاوەڕۆك و گیانێکە بزێـوە )) (سعید، 2010: 27)

ئـازادی تـاکەکەس پێـوەرێکی بنەڕەتیـیە، بـۆ دروسـتکردنی جیـاوازی لەنێـو کۆمەڵگا، کە ئەم تاکـانە کاریگەرییـان نوانـد لەسـەر دروسـتکردنی چەنـدین گـروپ و کـۆمەڵەی جیـاوازی نـــوێگەری، هەروەهـــا ئەم نوێگەرییـــانە بەشـــدارییەکی ڕاستەخۆیان کردووە لەبواری تێکۆشانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تێیدا، کەواتە یاخیبوون لەواقیعی کۆمەڵگا بریتییە لەڕەتکـردنەوەی بـابەتی کـۆن و دەسـەڵات و داب و نەریـتی کـۆمەڵایەتی، دووبـارە دارشـتنەوەیان بە شـێواز و داهێنـان و تەکنیکێکی نوێ، بۆیە (جاك بریم) لەتیۆرەکەیدا بەم شێوەیە پێناسەی یاخیبوونی کردووە، کەدەڵێ (( یاخیبوون دیاردەیەکی دەروونییە، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەو کاتەی ئازادی هەڵبژاردن لە لایەن تاکەوە دەکەوێتە ژێرهەڕەشەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتوو کرداری مرۆڤدا یاخیبوونی دەروونی هێزێکی ناوەکییەو کاتێك سەرهەڵدەدات، کە ئازادییەکان بەرتەسك دەکرێنەوە، وەك ئەو هەڵسوکەوتە توند و سنوردارانەی دایکان و باوکان لە بەرامبەر منداڵەکانیان پەیڕەوی دەکەن و هاوکات پەرچەکردارە توندەکانی منداڵ لە بەرامبەریاندا ))(عبداللە ، گەردی 2021 :133).

یـاخیبوون پەیوەنـدییەکی ئەوتـۆی بەئاسـتی ڕۆشـنبیری و هۆشـیاری مـرۆڤەوە هەیە، بە پێی ڕادەی ئەو ئاستە یـاخی دەبێـت، مـرۆڤی یـاخی ئەو مـرۆڤەیە، کە لەگەڵ سیسـتەمی بەڕێوەبردنی دەسـەڵات بەواتا فراوانەکەی ناگونجێت، بۆیە پێویسـتە قوربـانی بـدات، کە زیـانی پێـدەگەیەنێت، پاشـان هەسـت بەچەشـنە جیـاوازییەك لەنێـوان خـودی خـۆی و کۆمەڵـدا دەکـات،دەتوانین بڵێـین، کە یـاخیبوون لەئەنجـامی ئەزموونی تاکەکانەوە بەرەو بیرۆکەی گەورە دەڕوات، چونکە ((یاخیبوون بریتییە لەڕەتکردنەوەی واقیعێکی سەپاو لە لایەن نووسـەرەوە لەڕێگەی فیکرەکانییەوە، چونکە بەناخی نوسـەر خـــۆیەوە پەیوەســـتە، بەڵام پـــێچەوانەیە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکـــارییەی، کەشـــۆڕش ئەنجـــامی دەدا، بەمەبەســـتی گۆڕانکاری لەسەرجەم بوارەکاندا ))( بیمار،1972:7 )

یـاخیبوون دوو چەشـنی جـودای لێ دەبێـتەوە، کە بـریتین لەکەسی یاخی داهێنەر و کەسی یاخی تێکدەر، ئەرکی ئەم دوو چەشنە یاخیبوونە تەواو جیاوازە، بەوەی، کە چەشنی یەکەم جۆرە داهێنانێك و گۆڕانکاریەك دروست دەکات، کە سود بە خـودی خـۆی و کۆمەڵگاکەی دەگەیەنێت ، بەڵام یاخیبوونی تێکدەر، یاخیبوونەکەی دەبێتە هۆی شێواندنی کۆمەڵگاکەی پێشـێل کـردنی یاسـاو دەسـتوورو ڕێسـای کۆمەڵگـاکەی، دواجـــاریش زیانگەیانـــدن بەهەوڵە تاکەکەســـییەکان و بێئومێـدکردنی خەڵـکی بەرامبەریـان، چـونکە یـاخیبوون

پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەخۆی بە خـودەوە هەیە، تەنهـا خـودی مـرۆڤی هوشـیارو ڕۆشـنبیر کەیـاخی دەبێـت، ئامـانجی گـۆڕینی سیسـتەمی بەڕێوەبردنی دەسـەڵاتە، یاخود هوشـیارکردنەوەی کۆمەڵگا لەو ناداپەروەری و نایەکسانییەی، کە باڵی بەسەریدا کێشـاوە، کەواتە((جیـاوازی نێـوان مـرۆڤی تـازەگەرو مـرۆڤی ئاسـایی ئەوەیە، مـرۆڤی ئاسـایی نـامۆبوونی خـۆی هەسـت پـێ ناکـات، یـاخود کە هەسـتیپێکرد لەنـاو بونیـادە ئاسـنینەکان ناچێتە دەرەوە ....، بەڵام مرۆڤی تازەگەر نامۆبوونی خـۆی – اغـتراب لەنـاو بونیادەکانـدا جێـدەهیڵێت بـۆ تێئـاوارەبوون لە بونیادەکان )) (طه، 2006: 4)

مرۆڤ هەست بەهەمـوو ئازارو مەینییەتیەکانی ژیان دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا، توانـــای نیـــیە ئەو بـــارودۆخە تێپەڕێنێت ((بەمانایەکی تر یاخیبوون بەکارهێنانی بەشێکە لە ئـازادیی، لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی تەواوی ئازادییدا بەئاراسـتەی دژایەتیکـردنی کـۆیلەیی و ژێردەسـتەیی، بەمەش مـرۆڤی یـاخی هەمیشـەیی مرۆڤێکی ئـازادە، هەمـوو مرۆڤێکی ئازاد پێویسـتە بەرپرسـیار بێـت بەرانـبەر بە بـوونی خـۆی و ئەوانیـتریش )) (ڕۆستەم ،161:2016)

بەمجـۆرە یـاخیبوون بـریتییە لە ڕەتکـردنەوەی فەرمانەکـان، یاخود حاڵەتێکی دەرونییە، کەوا لەمرۆڤ دەکات لەو دۆخە دەربچێت ((یاخیبوون هۆکارێکە لەهۆکارەکانی گونجـان، کە دەبێتەهۆی دەرچوون لەژینگەی بونیاتی کۆمەڵایەتی بە هەوڵی دروسـتکردنی گۆڕانکاری، شـایەنی باسـە یاخیبوون لەئەنجامی ململانێیی ناخی مرۆڤ و حەزکردن لەڕوخاندن و وێرانکردنەوە دروسـت بێـت، یـان لەپێنـاوی چاکسـازی، ئینتیمـا بـۆ قەوارەیەکی گەورەتر، کە هەستکردن بەناسنامە و سەربەخۆیی بداتە تاك )) (عساف،245:2020)

واتە وابەستە نین بەیاساو فەرمانەکانی دەسەڵات، بەڵکو دژی ئەوان دەجەنگـن، هەمـوو ڕەفتـارێکی ئاسـایی ڕەتـدەکەنەوە، بە شـــێوەیەکی گشـــتی ((یـــاخیبوون لەئەدەبـــدا بەشـــێکە لەمقاومەتی(شـــۆڕشی)ئەدەب بەگشـــتی، لەمێژوومانیشـــدا مقـاومەت (شـۆڕش) هەمیشـە بەشـێوەی چەکـداری بـووە، هاوشـانە، لەگەڵ بەرگری (شۆڕشـێکی ) ئەدەبیدا) بۆ زانیاری زیـاتر بـڕوانە :( خضرـ 119:2001) بەکـورتی ((یـاخیبوون هەســـتکردنی تـــاکە، بەپێویســـتی شـــۆڕش و گۆڕانکـــاری و ڕەتکردنەوەی واقیعی باو)) (غازی ، عبدالله، 11:2018)

کەواتە ئامـــانجی ســـەرەکی ڕوخانـــدنی دەســـەڵاتی ســـەپاوە، کەبەزۆر ســـەپێندراوە بەســـەر تاکـــدا، بـــۆ ئەوەی ئـــازادی و سـەربەخۆیی دەسـت بکەوێـت و گۆڕانکـاری لەنێوکۆمەڵگـادا بکـات، چ لە ڕووی داب و نەریـتی کـۆمەڵایەتی، چ لەڕووی ڕادەی ئاسـتی هوشـیاری تاکەکان و سـەقامگیری ژیانەوە . (ئەو مرۆڤـانەی، کە یـاخی دەبـن بەهەمـوو دەسـەڵات و داب و نەریتی کۆمەڵگەکەی دەڵێت نەخێر زۆر دڵنیایە لەسەر ئەوەی، کە ڕاسـتە، مافیشیـ هەیە، بەڵام پێشـێل دەکرێـت، بـۆیە هەنـدێ لەیـاخیبووان هەمـوو بەهاکۆمەڵایەتییەکان وڕەفتـاری بـــاو ڕەتـــدەکەنەوە، کەخـۆیـــان لەم لایەنـــانە دەبینـــنەوە (توندڕەوان، تێکدەران، یاخیبووان، چالاکوانان، شـۆڕش گـێڕان) کەسی یـاخی دژی یـان ملکەچی ئەوکەسـانە نـابن، کە خـاوەن دەسـەڵاتن و دەسـەڵاتیان هەیە) بڕوانە(عسـاف ، 244:2020).

یاخیبوون بریتییە لەنارەزایەتی لەلای شاعیر، کە لەبۆچوونێکی گشـتییەوە سـەرهەڵدەدات، پاشـان لەهەڵسـوکەت و ڕەفتـار وتێڕوانیینەکانیدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە لەنێو بەرهەم و داهێنـانە شـیعرییەکانیدا بەرجەسـتە دەبێـت، کەئەمەش لە ئەنجامی ڕەتکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەشێوازی ژیـانێکی دیـاریکراو، بەچەنـد چەشـنێك دەردەکەوێـت یـان ملکەچ نەبوون و ڕەتکردنەوەی دەسەلات، یان ڕەتکردنەوەی بۆچونەکـانی تـر، بەگشـتی ((سـتەمکاری یـاخیبوون بەرهەم دەهێنێت، هەریەکەیان پەلکێشی ئەویتریان دەکەن)) ( فوکو ، 104:1990) گەلێك جار وا چاوەڕوان دەکرێت، کە شاعیران و ئەدیبـان بە بەرهەمەکانیـان بچـنە نێـو جەنـگی ئـازادی و پێشـــکەوتنەوە، بەرهەڵســـت و دژی هـــێز و دەزگـــا دەســـەلاتدارەکانی ســـەردەمەکەیان ببـــنەوە، بەوەش بەرهەمەکانیان مۆرکی یاخیبوون وەردەگرێت .

کەواتە(( یاخیبوونی تاك ڕەتکردنەوەیەکی بۆ هەمـوو هۆکارو ئامانجەکانی کۆمەڵگەو گەڕان بە شوێن گۆڕانیدا بە هۆکاری تر کە قبـولکراو نیـیە لە دام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکـانی کـۆمەڵگە ،ڕەتکـردنەوەیە بـۆ ئەو فەرهەنگەبـاو بنیـاتە کۆمەڵایەتییـانە و گەڕان بەدوای گۆڕینـدا بە یەکـێکی نـوێ لە ڕێـگەی شـۆڕش و یاخیبوونەوە)) ( فتحية ، رانية، 2019 :10)

(کامۆ) لە کتێبی(مـرۆڤی یـاخی) دەربـارەی یـاخیبوون و شـۆڕش دەدوێـت هەروەهـا بـاسی جۆرەکـانی یـاخیبوون و شۆڕشـیش دەکات ((ئەلبێر کامۆ لە بونیدا بەنیازە جەخت لەسەر بیرۆکەی یـاخیبوون لە واقیـع و شـۆڕش لە دژی بکـات ،ئەم ڕەوتە بە ئەدەبیـات و بەسـتنەوەی خەیـاڵی و هـونەری بە یـاخیبوونەوە جێبەجێ کـراوە ،ئەو مـرۆڤەی کە دژی ڕاسـتییەکی خـۆی یـاخی دەبێت و هەوڵی زۆر دەدات بیگۆڕێت))( تر- رضا ، 1893 : 324).

تـاك یـاخی دەبێـت لە پێنـاو بەدەسـتهێنانی ئەو شـتەی کە دەیەوێـت بە دەسـتی بێنێـت، بـۆیە ((بـزاوتی یـاخیبوون لە گەوهەردا بـزاوتێکی خۆپەرسـتانە نییە،هەروەهـا مەرج نیـیە بە تەنهـا لای کەسی چەوسـاوە سـەرهەڵبدات ،بەڵکـو دەشێ بە بینینی دیمەنی چەوساندنەوەی کەسانی تریش سەرهەڵبدات)) (و. بەرزنجی، 138:2020 .)

## بەشی دووەم- یاخیبوون لەشیعری کوردیدا

کورد میللەتێکی ژێر دەستە بووە، ئەو ڕاستییە بەسە، بۆ ئەوەی ببێتە هەوێنی بابەتی یاخیبوون، لەشیعری کوردیدا، چونکە ژێردەستەیی پرسێکی زۆر کاریگەر بووە، هەروەها جیاوازی چینایەتیش یەکێکی تر بووە لەپرسەکان، کە لەناو کوردا کاریگەری هەبووە، بێگومان ڕەنگدانەوەشی هەبووە، لەسەر دروستبوونی گیانی یاخیبوون لای کورد، بەواتا ئەوانە دوو بابەتی گرنگ بوونە بۆ بالاکردنی گیانی یاخیبوون لەناو ئەدەبیاتی کوردی بەگشتی شیعر بەتایبەتی.

ژیان و زنجیرە ڕووداوەکانی پەیوەست بە گەلی کورد بە درێژای مێژوو، وایانکردووە، کە گیانی یاخیبوون بەئاسانی چەکەرە بکات و پەلو پۆ بهاوێت، ئەم دیاردەیە لەسەردەمێك و شوێنێکەوە بۆ سەردەم و شوێنێکی تر جیاوازە و کەم و زۆر هەڵکشان و داکشانی کردووە، هەروەها کەلتووری بەزۆر بەسەردا سەپێنراو زیاتر باڵای بە گیانی یاخیبوون لای میللەتی کوردی کردووە، بەڵام ئەم یاخیبوونە بووە هۆی پاراستنی و مانەوەی کەلتورە جوانەکان و زمانی شیرینی کوردی ، شاعیران هەمیشە ئامانجیان ئەوە بووە، کەگیانی هۆشیاری و تێکۆشانی تاکەکانی کۆمەڵگا برەو پێبدەن و لەهەوڵی ئەوەدا بوون، کە هەموو تاکێك شانازی بەنەتەوەکەیەوە بکات .

ئەگەر ئاور لەدەقی شیعری شاعیرانی کورد بدەینەوە، بەپێی هەلومەرج و ئەو دۆخەی،کۆمەڵگای کوردی،دەبینین کۆمەڵێ گۆڕانکاری بەسەر ئەدەبی کوردیدا هاتووە، کەوا شاعیران پابەندی کوردبوونی خۆیان بوون ((یەکێك لە دیارترین هۆیەکانی یاخیبوون لەشیعری نوێی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی واقیعێکی نالەبارو نەگونجانی شاعیر، لەگەڵ ئەو واقیعەو چڕبوونەوەی ئەو هەستە، دوای زیادبوونی و هۆشیاری و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، کە وای لێ ئەکات زیاتر هەست بە لێپرسینەوە بکات، بەرامبەر بەپیشاندانی لایەنە نەنگ و چەوتەکانی ئەم ژیانە تاڵە)) (سابیر،611:2008)

یەکێك لە گرنگترین ئەوگرفتانەی، کە نەتەوەی کورد بەدرێژای مێژوو دوچاری بووە، هەمیشە لەلایەن دوژمنەکانیەوە چەوساوەتەوە خراوەتە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرو خاکەکەی داگیر کراوە، کە ئەمەش وایکردووە ((سەرهەڵدان و پەیدابوونا یاخیبونێ هندەك، ئەگەر وە رێکین خو هەنە و جۆرێ هەڵوێستی چ پێ هوزانڤانی یان جڤاك تێدا دژیت کو وەسا دیارەهۆی سەرهەڵدانی هەر مەسەلەیەکیش لە شیعردا دەبێ بە چار چێوەی ئەو قۆناغە مێژوویە ببەسترێتەوە، کە شاعیر تێدا دەژی)) (گولی،117:2008) لەهەر سەردەمێکدا کۆمەڵێ گۆڕانکاری لە لایەنە جیاوازەکانی ژیان لەهەر نەتەوەیەکدا ڕوودەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی بارودۆخێکی نوێ و دروستبوونی هەڵوێستێکی نوێ، لێرەدا هەوڵئەدەین، بەنموونەی شیعری ئەوگیانی یاخیبوونە لای چەند شاعیرێکی کورد دیاری بکەین، کە بێگومان دەرهاویشتەی کات و شوێن و هۆکاری جیاوازن :-

### ١- باباتاهیری هەمەدانی(937-1010)

باباتاهیری هەمەدانی، یەکێکە لەکۆنترین شاعیرەکانی کورد، کە بەشێوەزاری لوڕی دەقەکانی نووسیوە، شاعیر کومەڵێ دەقی باڵای هەیە، کە واقیعی ژیانی کۆمەڵگای کوردی لەو ڕۆژگارە پیشان دەدەن، لەپاڵ ئەوەشدا هەندێ جار گیانی یاخیبوون لەنێو دەقە شیعرییەکانی بەدیدەکرێت، چونکە لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دکتۆر (مارف خەزنەدار) پەردەی لەڕوو هەڵدەماڵێت : ((ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی ڕەنگدانەوەی ژیان بێ، بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد دەبێ سیماو ئەدگاری ئەدەبەکەی هەڵسان و شۆڕش و بەرگری و هێرش بێ)) ( محەمەد، 44:2014.)، ئەوەتا لە چوارینێکدا (بابا تاهیر ) بە گیانی یاخیبوونەوە باس لەناعەدالەتی و نایەکسانی کۆمەڵگامان بۆ دەکات، کەلێرەدا ئەم دەقە بەزاری ناوەڕاست دەخەینەڕوو :-

ئەگەر دەستم بگاتە چەرخی گەردوون
دەپرسم لێی کەوا ئەم چوونە ئەو چوون
یەکێ پێت داوە سەد جۆر نازو نیعمەت
یەکێکیش نانی جۆی ئاوێتەیی خوون!(عەلی ،42:2009)

شاعیر ڕوو لەچەرخی گەردوون دەکات و بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە تیشک ئەخاتەسەر ئەو جیاوازییە چینایەتییەی، کەلە کۆمەڵگاکەی ڕەنگیداوەتەوە، گیانی یاخیبوونی شاعیر لەبەر ڕۆشنایی بیرە ئایینیەکەیدا بەوپەڕی حەسرەتەوە پرسیارە ئەزەڵییەکەی لەلا قەتیس دەکات وبێ وەڵام دەیهێڵێتەوە، کە بۆچی کەسی واهەیە نغرۆی نازو نیعمەتە و هی واش هەیە لەوپەڕی کولەمەرگیدا دەژی .؟! هەرچۆنێک بێت پرسیارەکە و شێوازی دەربڕینەکەی دەرهاویشتەی ئاستی هوشیاری شاعیرە.

### ٢- ئەحمەدی خانی(1650-1707)

ئەحمەدی خانی دیارتری شاعیری نەتەوەیی کوردە، کە زۆرپێش قۆناغەی خۆی کەوتووە و بەوە ناسراوە، کە پزیشکی دەردی کوردان بووە، بەوپێیە یەکێك بووە لەشاعیرەکانی کورد، کە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی لەلای پرسێکی جدی بووە و تەنانەت بابەتە شیعرییەکانی تریشی. بە بیانووی خەمی نەتەوەوە نووسیوە : -

گەردی هەبووا مە پادشاهەك
لایق بدیا خودێ کولا هەك
تەعیین بە بوویا ژبۆی تاجەك

ئەلبەتە دبوو مەژی رەواجەك (رەسوول،111:2008)
لە لای (ئەحمەدی خانی) نەبوونی دەوڵەتی کوردی و هەبوونی ژێــر دەســتەیی کــورد زوڵــم و زۆری دوژمنــان بــوبێتە یەکێ لەباسەکان وە لە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکاندا رەنگی دابێتەوە، وە هەنـدێ جـار ئەو بـیرە لەلای تـۆخ دەبێـتەوە، کە خـوێنەر درك بەوە دەکات، خەریکە گیانی یاخیبوونی تیادا بە تەواوی زاڵ دەبێـــت، هەر بــــۆیە زۆربەی پەیامەکــــانی روو لە مـیللەتەکەیەتی جـارێ داوای هۆشـیاری لێـدەکات، جـارێ داوای یەکگرتنی لێدەکات، جارێ داوای هەبوونی سەرکردەی لێدەکات، هەمـوو ئەمانە بـۆ ئەوەیە ئامادەسازییەك بکات، بۆ دروستکردنی دەوڵەت بۆ پێکەوەنانی کیانێك، بۆ دەرچوون لە ژێر دەستەیی وکە بێگیانی یاخیبوون و رووبەڕووبونەوەی و بەگژداچوونەوە نایەتە دی .
کــورد و زمــانی کــوردی ئەو نەتەوەو زمــانەیە، کە شــیعری کوردی پێ دەنوسرێت، شاعیر بەدەق شیعری بەشداری لە دۆخی نەتەوەکەی دەکات، هەمیشـە لە هەوڵی ئەوەدا بـوون، بـگەنە ئاسـتێك، کە تێیـدا ئـازادی نەتەوەیی بەرقـرار بێـت، شـــیعرەکانی (ئەحـــمەدی خانی)پەیـــامی ئاگـــادارکردنەوە و بەرهەڵستی کردنی داگیرکەران بووە .

ئەڤ رۆم و عەجەم بوان حەسارن
کرمانج هەمی ل چار کەنارن
هەردوو تەرەفان قەبیلی کرمانج
بۆ تیری قەزا کرینە ئارمانج
گۆیا کو ل سەرحەدان کلیدن
هەر تائیفەیی سەدێکن سەدیدن
ئەڤ قەلزەی رۆم و بەحری تاجیك
هەندێ کو دکەن خروج و تەحریك
کرمانج دبن بخوون مولەتتەخ
وان ژێکڤە د کەن میسالی بەرزەخ(رەسوول،108:2008)

دەتــوانین هەڵوێســتی یاخییــانەی شــاعیر، بەرامــبەر بە نیشــتمانەکەی پیشــان بــدەین، چــونکە نەتەوەی کــورد نەتەوەیەکی سـتەمدیدەیە، کەلەئەزمـوونی شـیعری شـاعیردا کـــۆمەڵێ رەهەنـــدی جـــودای هەیە، خەونی شـــاعیر بـــۆ نیشـتمانەکەی بـریتی یە لە ئـازادی ورزگـاری و دادپەروەری، شاعیرهەڵوێستی توند بەرامبەر بەدەسەڵات دەنوێنێت، بۆیە ((خـانی یـاخی یە، شۆرشـگێرە، بەڵام بەسـەر مـیللەتی خۆیـدا هەڵناچێـت و ئەو بەهـۆی سسـتی و سەرشـۆڕی و پشـتێن کـردنەوەو لەخوێنـدا گوزانـدن نازانێـت، بەڵکـو وەك کـورێکی هۆشیاری گەل باری میرەکانی کورد پێکەوە رۆیشتن (ئینقیاد) یان بەهـۆی ڕاسـتەقینە دەزانێـت و حـاڵی ئەوان بەشـەرمەزاری دەزانێت))(رسول،96:1979)هەروەکو (خانی ) دەڵێت:

تابیعیەت وان ئەگەر چی عارە
ئەو عارە لە خەلق نامدارە
نامووسە ل حاکم و ئەمیران
تاوان چی یە شاعیرو فەقیران(رەسوول،108:2008)

یان دەڵێ:

گەر شێخ و مەلاو میران
دەروێش و غەنی و گەر فەقیران
کەس نینەنەتالبی جەمالی
کەس نینە نەراغیبی وی سالی (رەسوول،147:2008)

لێرەدا تێڕوانینی (خانی) بەرامبەر بەجیاوازی چینایەتی لەنێوان تـوێژە جیاجیاکـانی کۆمەڵگا لەرێـگەی باسـکردنی مەسـەلەی نەتەوەییەکـان و گرفتەکـانی کۆمەڵگـا وە دەســت پێـدەکات، پشتگیری چینی زەحمەتکێشان و هەژارو چەوساوەکان دەکات ((ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ڕووانینە جیاوازی چینایەتی لای خــانی ڕووانینــێکی قــوول و ڕەســەنە و تەنیــا ئــارەزوویەکی شـاعیرانەی ئینسـانی نیـیە، کە بەزەیی بێـت بە هەژارانـدا )) (رەسوول،146:2008)

ئەز پیلەوەرم نەگەوهەریمە
خود ڕستەمە ئەز نە پەروەریمە
کرمانجم و کۆهی یو کەناری
ڤان چەند خەبەرێد کوردەواری
ئیمزا بکرن ب حوسنێ ئیلتاف (خەزنەدار ،426:2010)

شـاعیر لەم دەقە شـیعرییانەدا داوا لە خـوێنەران دەکـات، کە ((بەچاوێکی زیرەکانە و دڵێکی پڕ لەسـۆز بنوارێتە ئەم بەرهەمە شیعرییە، شـاعیر لەکۆمەڵی کوردەواری پەروەردە بـووە و بـۆ کـوردی نووسـیوەتەوە، داوا دەکـا هەمـوو شـتێکی، کە لەم داسـتانەدا هـاتووە، پێویسـتە بـۆ چاکەی کورد لێك بـدرێتەوە ))(خەزنەدار ،426:2010) شـــاعیر ناڕاســـتەوخۆ نووســـین بەزمـانی کـوردی دەکـاتە ئـامرازی یـاخیبوون و بەگـژ دوژمنـدا چوونەوە.

### ٣- نالی(1798-1873)

نـالی یەکـێکە لە دیـارترین پـایە گرنگەکـانی شـیعری کرمـانجی ناوەڕاســت و بەڕابەری قوتابخــانەی بابــان دادەنرێــت، کە شۆرشــێکی شــیعریان کــردووە، دەقە شــیعرییەکانی (نــالی) بەکــۆمەڵێ خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی جیـا دەبێـتەوە، کە بەزمانێکی بەرز و تۆکمە دەقەو قاڵب و فۆرمێکی جیاواز لەپێش خـۆی شـیعرییەکانی نوسـیوەتەوە، لـێرەدا دەربـارەی شـانازی کردن بە نوسین بە زمانی کوردی خۆیەوە دەڵێت :

طەبعی شەککەرباری من ،کوردی ئەگەر ئینشا دەکا،
ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی ، لە (عمدا ) وادەکا
یا لەمەیدانی فەصاحەتدا بەمیثلی شەه سەوار
بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا
کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆکوردییە خۆکردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا (مەلا عبدالکریم وکوڕەکەی 1976:106-107)

ئەم شیعرە، یەکێکە لەشیعرە بەناوبانگەکەی (نالی)، کە زۆر بەڕوونی یاخیبوون لە زمانی دەقەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە ئەوەش، کە وای کردووە (نالی) خۆی جیاکردۆتەوە لەوانی تر، نامەوێ وەك ئەوانی تر بم، ئەمەوێ جیابمەوە، خۆجیاکردنەوە یەکێکە لەخەسڵەتەکانی یاخیبوون، چونکە ((نالی لە بێ تواناییەوە زمانی کوردی بۆ شیعر نووسین هەڵنەبژاردووە، بەڵکو لەتوانایی و گرنگیدانی بەزمانی خۆی وهۆشیاری و بەرپرسیارێتی سەرشانی ئاوڕی لەزمانی کوردی داوەتەوە، تا بیسەلمێنێ زمانی کوردیش، وەك هەر زمانێکی تر، توانای هەیە شیعری وردو وەسفی جوانی ئەدەبی پێبکرێت))(پیرۆت،2020:224) لەم دەقەی (نالی) دا ((مەبەستی ئەوە بوو، کەبزانە چۆن بەزمانی کوردی، داهێنەرانە مانام چنیوە)) (علی-توفیق،2016:18) هەروەک لەهەمانکاتدا یاخیبوونە لەهەردوو زمانی عەرەبی و فارسیش، کەتا ئەو ڕۆژگارە، بەتاکە دوو زمانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لێیان ڕوانراوە .

خەسڵەتی نوێخوازی لەهەنگاوی یەکەمی (نالی) دا بەدی دەکرێت، ئەم نوێگەرییە، بۆ ئەو قۆناغە جێگەی پرسیارو ڕەخنەی گشتی بووە، کە چۆن دەکرێ بەم چەشنە شیعر بنووسرێت، لەڕاستییدا ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی نوێگەرییە، کەلە قۆناغی یەکەمیدا بە ئاسانی قبول ناکرێ، لە لایەن کۆمەڵگاوە، بەڵام(نالی) سەرباری ڕەخنەو پرسیارەکان لەکارەکەی خۆی بەردەوام دەبێت و ((نوسینی شیعر بە شێوەی کرمانجی خواروو، کەبۆ ئەوکات شتێکی نامۆ بوو، خودی ئەمە دەرچوونی نالیە لەچوارچێوە باو و تەقلیدییە ئەدەبییەکان و نوێخوازی ناڵی دەسەلمێنێت))(اسماعیل،2011:63)

بەهۆی ئەوەی (نالی) خاوەنی تاقیکردنەوە و توانای داهێنانە توانیویەتی بەسەر هاوپیشەکانی هاوسەردەمی خۆیدا پێشکەبکەوێت و شانازی بەو تاقیکردنەوەیە بکات، واتە((وێژە بەرهەم و زادەی بیرو هەستی وێژەرە، سەرئەنجام پێویستە ئەم بەرهەمە داهێنراو و خولقێنراو بێت و نابێت ئەنجامدەرەکەی لاسایی هیچ وێژەرێك بکاتەوە))(بەسیر،2015:364)، لەگەڵ ئەوەشدا شەقل و سیمای زمانی شیعرییان پێ دەوڵەمەندکردووە، هەروەها خەسڵەتی تایبەتی داوە بەزمان و دەنگی شیعری و بەوشەو دەستەواژەی ئەدەبی سیمای داهێنانیان بەبابەتی شیعری بەخشیوە، کەبابەتێکی دیاری ئەدەبی بوون ((لەچوارچێوەی تاقیکردنەوەی شیعری خۆیاندا بەرەو داهێنان هەڵکشێن ئەو بوارەش زمانی شیعری بەگشتی و فەرهەنگی شیعرییە بەتایبەتی، کە هونەرمەندانە کاریان تێدا کردوون داهێنانیان پێ ئەنجامداون))(علی-توفیق،2016:17)

(نالیا)ئەم غەزەلەت تازە بە تازە وتووە
بەدووسەد (مەثنەوی)یو(لوبی لوباب)ی نادەم(مەلا عبدالکریم وکوڕەکەی،1976:308)

(نالی)ی شاعیر شانازی بە داهێنانەشیعرییەکانی دەکات و((دووپاتیدەکاتەوە، کە سەرچاوەی ئەم دیاردەیە لە هەڵبەستەکانیدا موعانات و هەستی ڕاستەقینەیە))(بەسیر،2015:364) ئەزموونە جۆراو جۆرەکان کاریگەریان لەسەر ژیانی مرۆڤدا هەیە، مرۆڤ لەژێر ئەم کاریگەرییە بەناچاری کاردانەوەی دەبێت بۆ ڕووداوەکان و پێشهاتەکان، لە ئەنجامی ئەمەشدا کردەی داهێنان دێتە بەرهەم، (عبداسلام عبدالغفار)، (1977) بەم شێوەیە پێناسەی داهێنان دەکات و دەڵێ : ((کاتێك تاك ڕووبەڕووی هەڵوێستە جۆربەجۆرەکان دەبێتەوە، لەژیاندا وەڵام و کاردانەوەی هەیە، بۆ هەڵوێستەکان ، بەجۆرێك، کەبگونجێ، لەگەڵ خۆی، وە ئەو وەڵام و کاردانەوەیە جیاوازە لەکاردانەوەکانی تر، کە ئەمەش بە داهێنان ناودەبرێت))(اسماعیل،2011:27)

لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ
بێ خەطا کەس نییە ڕاضی کەلە ئەولادی درێ(مەلا عبدالکریم وکوڕەکەی،1976:653)

شیعرەکانم جگەر گۆشەمن بەهەڵە لێکدانەوەی بۆ مەکەن، بەڕاستی لێی تێبگەن، چونکە هیچ کەسێك ڕازی نییە، کە ئەولادەکەی هیچ هەڵوێستێکی خراپی نەبێ و لێیبدرێت، کەواتە لێرەدا (نالی) هەڵوێستی وەرگرتووە بەرامبەر بەوەی، کە لێکدانەوەی خراپ، بەرامبەر جگەر گۆشەکانی کراوە وڕازی نەبووە بەو بارودۆخە، لە ڕاستییدا ڕازی نەبوون و هەڵوێست وەرگرتن خەسڵەتێکی دیاری یاخیبوونە، کە(نالی)یاخی بووە بەرامبەر ئەوەی، کە لە شیعرەکانی باش حاڵی نابن.

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم ووت کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم (مەلا عبدالکریم وکوڕەکەی،1976:280)

تاکی داهێنەر پێوەرە دیارەکان و لاسایی شتەکانی دەورووبەر دووبارەناکاتەوە، بەڵکو ڕێچکەی نوێگەری دەگرێت، ئەمەش سەرچاوەی داهێنانە، واتە ((داهێنەران بەردەوام هەوڵی دۆزینەوەی بیرۆکەو بۆچوونی نوێ و ڕێگاو ڕێبازی نوێ دەدەن و ئەو ڕێگایە دەگرن، کە بیرۆکە کۆنەکان بە براو هەستی نوێ بگۆڕن و بەرەو ڕوانگەی نوێ هەنگاو بنێن))(اسماعیل،2011:37) زیرەکی و لێهاتوویی و بوێری خەسڵەتێکی دیاری کەسی داهێنەرە، واتە ((شیعرەکانی نالی بەڵگەی گەلێ دیاردەو ڕاستی دەستکردی و وەستایی و شارەزایی نالین، دەتوانین لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ئەم ڕاستییە

بسـەلمێنین)) (کاکی،48:2008)، واتە داهێنـان ((کـردارێکە سـەرجەم توانـا مـادی و ڕوحییەکانی مـرۆڤ تێیـدا بەشـداری دەکەن و بەهۆی لێزانی و زیرەکی داهێنەرەکەوە داهێنان دێتە ئاراوە )) ( اسماعیل،37:2011)

## ٤- مەولەوی (1806-1882)

عارف و پێشەنگ و شاعیری دیاری دیالێکتی گۆرانە، یەکێکە لەو شـاعیرانەی، کە لەنێوەنـدی ئەدەبی کوردیـدا، ڕۆڵ و پـێگەی دیـاریکراوی خـۆی هەیە و بـایەخێکی زۆری پێـدراوە، (مەولەوی) پـایەیەکی بەرزی ئـایینی و شـیعری هەبـووە، هۆشـیاری و مرۆڤدۆسـتی دوو خەسـڵەتی دیـاری کەسـێتی شـاعیرن، هەربـۆیە وەکـو شـاعیرێکی بەئاگـا و بەگیـانی پـڕ لەیـاخیبوونەوە دەربـارەی نایەکسـانی نـادادپەروەری زەمـانە دەڵێت:

ئاخ فەلەك جەدەس کەچ ڕەفتاری تۆ
داد نە چەپگەردی و دڵ ئازاری تۆ
هەرسات ئەساسەی دەردێ مەسازی
هەر ڕۆ بە ڕەنگێ نەردێ مەبازی
من خۆ تاڵە شووم خەستەی زام خەتەر
زەدەی خەدەنگان هیجرانی دڵبەر
دیدە پڕ ئەسرین،دەروون پرجەتەم
کەفتەن نەڕوی تەوق بەندیخانەی خەم
دڵ ئالودەی هوون،تەن بارکێشی دەرد
زوان لەنــگ ولاڵ ،ڕەنــگ خەزانی زەرد(مەلا عبــدالکریم و مەلاساڵح،152:1386)

(مەولەوەی) شـاعیر وەکـو زانـایەکی عـاریف و لەکاتی نوسـینی دەق شــیعریدا، دەچێـتە نـاواخنی ئەزمــوونی شــیعری و ڕووداوەکانی دەورووبەرو بەوردی وێنەکان ڕێك دەخات، باسی جیـاوازی چینـایەتی دەکـات، کە گیـانی یـاخیبوونی تێـدا دروسـتکردووە، کە (تێیـدا ژیان و ناکۆکییەکان لەدەروونیـدا پەنگیـان خـواردووەتەوە، بـۆیە لەبەردەم ڕاسـتییەکانی ژیـان و حاڵەتەدەروونیەکانــدا، لەمیـانەی زمـانەوە مەبەســتەکانی دەگەیەنێـت) (الجنـابی،-:55)، وەک دەبینـین شـاعیر بـاس لە چەرخی زەمـــانە دەکـــات و ڕەخـــنەی لێـــدەگرێت، ئەم باسکردنەشی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو وەسـتایانە و شـارەزایانە گوزارشـت لە نادادپەروەری و کۆمەڵایەتی و ئازارەکانی کۆمەڵگا دەکات :

سەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەك
ئاخ هەر یەکجار داخ تۆ سەوزەن فەڵەك
مەپێکی ناکاو جەنیمە ڕادا
نیگای ئارەزوو وەتەمەننا دا
کام سەرشام تەمای تاجی(کەی)ت نەکەرد
سوبح دەم وە تاج سەر (نەی)ت نەکەرد(مدرس،1397:337)

(مەولەوی )ی شـاعیر لەم دەقەدا دەنـگی نـاڕەزایی و یـاخیبوونی خـۆی بەرز دەکاتەوە، بەرامبەر بەگەردوون، گفتۆگۆ لەگەڵ گەردوون دەکـات بەوەی، کە یەکسـانی جێ بەجێ ناکـات لە کردەوەکانیـــدا و داد پەروەر نیـــیە، ((هەمـــوو کاروبـــاری تەنگوچەڵەمە و پێچەوانەیە، ئێوارە تاجی کەیخوسرەو دەخاتە سـەری پیـاو، بەیـانی سـەری دەبـڕێ و پێسـتەی کەڵلەی دەکا بەدەف بۆ بەزموڕەزمی سەرخۆشان، ئاوڕدانەوەیێکی ئیستێتیکی جوانە، کە (مەولەوی) بەخۆی دەڵێ ئەگەر تێگەیشتنت هەبێ پێویســـتە ئەوە بـــزانی ژیـــان بەڵـــگەی مـــردنە)) (خەزنەدار،480:2010)

## ٥- حاجی قادری کۆیی(1815-1897)

حاجی قادری کۆیی ڕابەرێکی ڕۆشنبیری دیاری کوردە، یەکێکە لەشـاعیرە ڕۆشـنگەرەکانی کـورد، کە لەکـاروانی خەبـات و تێکۆشـانی مـیللەتی کـوردا دەسـتێکی بـاڵای هەبـووە، لە هۆشـــیارکردنەوەی نەتەوەی کـــورد، بەرامـــبەر بە هەمـــوو دەسـەڵاتی داسـەپێنراو و داگـیرکەرانی ئەو سـەردەمە، دەقە شـــیعرییەکانی گەواهیـــدەری ئەو ڕاســـتییەن، کە لەهەوڵی زینـدووکردنەوەو بە جـۆش کـردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بـووە، بـۆ هەنگاونـــان و بەرەپێشـــچوونی نەتەوەی کـــوردو هۆشـــیار کردنەوەیان لەخەوی غەفڵەت و دووبەرەکی .

جۆشێك بدەن وەکوو هەنگ،تەگیربکەن بە بێ دەنگ
ئەسبابی شەڕپەیاکەن تۆپ و تفەنگ و هاوان (میران ،شارەزا ،32:1390)

لـێرەدا شـاعیر ڕاشـکاوانە داوای بەگژداچـوون دەکـات، کە دەرهاویشـتەی بـیری یـاخیبوونە و داوای هـیمەت لەتاکەکانی کۆمەڵگا دەکات، کەوەکو هەنگ ئەلقە ببەستن بەئارامی بیر لە دوارۆژی میللەتەکەیـان بـکەنەوە، ئەو ئـامرازانەی، کە پێویسـتن بـۆ بەرگریکـردن لە نەتەوە بەدەسـتی بێـنن بەتـایبەتی کەرەسـتەکانی شـەڕکردن، کەمەبەسـتی (تفەنـگ و تـۆپ و هاوەن)، پەنابردنە بەر ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری وەک قۆنـاغێکی پێشـکەوتووی یـاخیبوون، بـۆ یەکەمجـار بەم ڕاشکاوییە لای (حـاجی قـادری کـۆیی) بەدیـدەکرێت، شـاعیر هەمیشە هەست و هۆشی لای شۆڕشە :-

بەشیرو خامە دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە و شیر نادیارە (میران،شارەزا ،31:1390)

لەو دێـرەدا ڕوونـتر دەسـت دەخاتەسـەر نـاتەواوییەکەی نەتەوەکەی، پێیـوایە بـۆ ئەوەی ببن بەخـاوەن پایەو سـایەی حوکمداری پێویستمان بە دوو کۆڵەکەیە ( خامە و شیر )، کە بەداخەوە یەکەمیـان دیـارە و ئەویـتر نادیـار، بـیری شـاعیر لەپێنـاوی سـتەمکردن لەوانی تـر بیرەکەی دانەڕشـتووە، بەڵکـو لەپێنـاو بەرگریکـردن لە خـود و وەک ئەوان ژیـانکردن هـاتووە، ئەمەش بەڕوونی لە شیعرێکی تردا هاتووە : -

بێ نەوایانی موڵکی کوردستان
هەر لە گاوانی تا دەگاتە شوان
لەخەوی جەهل و مەستی و غەفلەت
بەخەبەر بێن بە نەغمەیی ڕەحمەت
پاکی دەرچن لەکاری نابەمەحەل
ڕۆمی ڕافــــرێنن بـــــۆدەری ئەســــــفەل(میران-شارەزا،196:1390)

شـاعیر هەوڵی هوشـیارکردنی سـەرجەم تاکەکانی نێـو کۆمەڵگا دەدات، لەگەورەوە تـا دەگاتە بچـووك، لەخەوی نەزانـین و غەفڵەت ڕاپەرن بێدار ببنەوە بەدەنگی ئـازادی هـیمەت بکەن دژی داگیرکەری ڕۆم و لەنیشتمان دووری بخەنەوە .

## ٦- پیرەمێرد(1878-1950)

یەکێکە لەشـاعیرە نوێخوازەکانی کـورد لەسـەدەی بیسـتەمدا، کە هەمیشــە دەنـگی نـاڕەزایی و یـاخی بـوونی خـۆی بەرامـبەر هەموو لایەنەکانی ژیان بەرزکردۆتەوە، وەکو (نەخوێندەواری و دواکەوتووی و کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی ئـافرەت و هانـدانی کچـان بـۆ بەدیهێنـانی مـافی سەربەسـتی و ئـازادی و جیـاوازی چینـایەتی و ڕووبەڕووبـونەوەی دوژمـن، (پیرەمـێرد) لەشـیعرەکانیدا تەواو هەسـتی یـاخی بـوونی خـۆی بەرامـبەر دەسـەڵاتی سـیاسی و لە سـایەی سیاسـەتی بە زۆر سەپێنراودا جارێ یاخیبوونی دەدا بەرامبەر داگیرکەران، شاعیر دژی دوو ڕووی و هەمـوو ئەو لادانە کۆمەڵایەتیانە بـووەتەوە، کەلەنێـو کۆمەڵگادا هەبـوون، بەمەش ((یەکێـك لەدیـارترین هۆیەکانی یاخیبوون لەشـیعری نـوێی کوردیـدا دەگەڕێتەوە بـۆ بـونی واقیعـێکی نالەبـارو نەگونجـانی شـاعیر، لەگەڵ ئەو واقیعە و خەسـت بـونەوەی ئەو هەسـتە، بە تـایبەتیش دوای زیاد بوونی هۆشیاری و هەست بەلێپرسینەوە بکات، بەرامبەر بەپیشــــاندانی لایەنە تەنـــگ و چەڵەمەکــــانی ئەو ژیــــانە، لەوتەقینـەوەیەدا دەردەکەوێ، کە خـۆی لە بەگـژدا چـوون و یـــــاخی بـــــوون بەســــــەر واقــــیعەکەدا دەنوێنێــــت)) (سابیر،51:2006). لای (پیرەمێرد) سەرەتای ئەو یاخیبوونە لە فۆرمی شیعرییدا بەدیدەکرێت، کاتێک دڵێت:-

من وەزن و قافیەم نەدەویست، سەهلی مومتەنع
ڕوانیم بە قەیدی قافیەوە ڕەخنەدار ئەبێ
هاتم بە قافیەو بە قسەی قۆڕو لەنگ و درێژ
نووسیم نەوەك بڵێن کە تەڵاکەم عەیار ئەبێ
خۆزگە ئەوانەی بە فەساڵ و بە فیشاڵ ئەدوون
لەو تــــیرەیە ئەبــــــوون کەوا کەوانیــــــان دیــــار ئەبێ (هاوار،79:1397)

لـێرەدا (پیرەمـێرد) لەڕێچـکەی شـاعیرانی هاوسـەردەمی خـۆی لایداوە، لە قاڵبی کۆنی شیعری، بێگومان لادان لە ڕێچکەی کۆن خەسڵەتێکی دیاری یاخیبوونە، واتە لە شێوازی نووسینی بـاو لایـداوە، ئەمە بـۆ ئەو ڕۆژگارەتووشی ڕەخـنەی کـردووە، هەربـۆیە جارێکی تـر دەگەڕێتەوە سـەر ڕێچکە کۆنەکە، چۆن پێشتر (نالی و حاجی قادری کۆیی)لە وەڵامی ئەوەی کەبۆ شیعر بە وێنەی پێشـوو نـاڵێن ئەوانیش وەڵامیان داونەتەوە، ئەوەتا (پیرەمێرد) یـش دەڵێت بـاوی نوسـین بەوشـەی قەڵەو نەمـاوە، بەڵکو باوی ئەوەیە، کە شیعر بەشێوەیەکی سادەو ڕەوان و بێ گـرێ بنوسرێـت، بەڵام خـوێنەری ئەمـڕۆ بەر ڕەخـنەم دەدەن، بۆیە ناچارم بەدڵی ئەوان بنووسم، بەواتا شاعیر لەم قۆناغەدا نەیتوانیــــوە درێــــژە بەڕێچــــکە نــــوێیەکەی نەداوە و بەرگەی ڕەخنەگرانی نەگرتووە :

بە پەنجەی نازکی دولبەر، تەڵی بێ گیان ئەناڵێنێ
منی زیندوو بە دەنگی چۆن نەکەم شۆڕی جنوون ئیزهار
ئەمانە شیعری مۆدەی کۆنە وەك من پیر بووە ئێستا
نەشیدت بۆ وەتەن بێ باشە بەڵکوو پێی ببێ ڕزگار
هەموو عالەم لەدووی ئازادی وێڵە بۆچی من وەك شێت
کەمەنـدی زوڵـف لە ئەسـتۆی خـۆم خەم و ببمە کەری ژێربـار (هاوار،221:1397)

(پیرەمـێرد) ڕاشـکاوانە لەهەڵبەسـتەدا دان بەوەدا دەنێـت، کە باسکردنی زوڵف و ئەگریجەو چاو کەمەر کۆنن و بەسەر چوون و باوی نەماوە، بەڵکو ڕۆژی ئەوەیە، کە شاعیر بچێتە کۆڕی خەبـاتەوە سرودێـك بـۆ نیشـتمان و نەتەوەکەی بڵێـت، کە تەزوو بەگیانـدا بێنێـت ولەدەسـتوری شـیعری کـۆن لابـدات ،هەروەهـا ((مەشـخەڵی ئـازادی و بـیرو بـاوەڕێکی ڕۆشـن بـیرانە هەڵگا، بۆ گەل و نیشتمانەکەی، بۆ ئەوەی ئەو قوژبنە تاریك و نووتەکانە ڕۆشن بکاتەوە، کەباڵی ساماناکی نەخوێندەواری و کۆنەپەرســـــــتی بەسەریاکشـــــــابوو و داپۆشـــــــیبوو.)) (هاوار،222:1397)، (پیرەمێرد) لە پێویستی قۆناغەکەی، کە ساڵانی دوای جەنـگی یەکەمی جیهـانییە بەتەواوی گەیشـتووە، ئەو سـەردەمە سـەردەمی تێکۆشـان و ڕزگـاری گەلان بـووە، یـاخیبوون و سـەنگەرگرتن لەشـیعر نووسـین بـۆ ئـافرەت و خۆتەرخانکردن بۆ شیعری نیشتمانی دەرهاویشتەی هۆشیاری شـاعیرە، شـاعیر مەبەسـتێتی، کە مـیللەت لە ((دەمـارە سسـتەکانی گـورج کاتەوە و پێڵـوی چـاوی خەواڵوویـان گـورج کاتەوە و لاوان بچـنە کـۆڕی خەبـاتەوە، بـۆ هەڵکـردنی ئـاڵاو مەشـخەڵی ئـازادی بـۆ گەیشـتن بەدوارۆژێکی پـڕ لە شـادمانی و کــــامەرانی، دوور لە چەوســــاندنەوە و بەش خــــوراوی)) (هاوار،222:1397)

## ٧- ئەحمەد موختار جاف(1897-1935)

ئەحـمەد موختـار جـاف وەکـو شـاعیرێکی نیشـتمانپەروەرو ئاشـتیخواز، لەواقـعی سـیاسی ئەو سـەردەمەی گەلی عـێراق یاخیبووەو لێهاتووانە دەق شیعری نووسیوە، دیارترین دەق بـریتییە لە دەق ( لە خەو هەڵسـن )، کە تیایـدا شـاعیر ڕوو لە

نەتەوەکەی خۆی دەکات، ئۆباڵی دواکەوتنی دەخاتە ئەستۆی خۆی، کە پێویستە لەخەو هەستن و هوشیار ببنەوە، چونکە هـیچ نەتەوەیەک لەخـۆڕا نەبـووە بەخـاوەنی سـەربەخۆیی و دەسـەڵات، شـاعیر ڕێگەی سـەربەخۆیی بە ڕێگەیەکی دوور ناودەبات و ئەوەش ڕۆژگار سەلماندی، بەکورتی پێیوایە دەبێ کورد یاخی ببێت، تاوەکو بە ئامانج بگات :-

لەخەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەمووتەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەس و مەزڵووم

بە گـــــورجی بیـــــبڕن ئەو ڕێـــــگە دوورە واڵە بەرتـــــانە (خەیات،192:2019)

شـاعیر هوشـیارەو سـوودی لەئەزمـوونی ژیـان وەرگرتـووە و بەئاسـانی قەنـاعەت بە شـتەکان ناکـات و بەگومـانەوە لەهەڵوێست و بەڵێنەکانی دوژمن دەڕوانێت، بۆیە خۆی لە باوەڕی ئەوانی تر جیادەکاتەوە، کەئەمە خۆ جیاکردنەوەیەش هەنگـاوێکی سـەرەتایی یـاخیبوونە، لە ژیـنگەی سـیاسی و کۆمەڵایەتیی، بەڵام بێ ئومێد نییەو گەشبینە، بەوەی ڕۆژێک دێ کوردستانی گەورە بنیات دەنرێت و سەربەخۆیی بەدەست دەهێنرێـت، هەربـۆیە لەم قۆنـاغەدا بەدوای دەرفەتێکـدا دەگەڕێـت بـۆ ئەوەی نەتەوەکەی لەو دۆخە ڕزگـار بکـات و هەوڵی بێدارکردنەوەیان دەدات :-

ئەم قەراری عوسبە واخەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ

هەر قسەی رووتە و قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە

ئەمڕۆباواێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد

دێنەوە مەیدان بە عیلم و سنعەت و عیرفانەوە

نەوجوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە

هەرلە کرماشان هەتا ورمێ و سنەو بۆکانەوە

ریك ئەخەن وەزعییەتی وان و جزیرە و باشقەڵا

عەقرە وو زاخۆ دەبەستن رێك بەقەد بۆتانەوە

خانقین و مەندەلی،خاکی لوڕستان یەك بەیەك

وەك وەسا ئەدروون بە باڵای مەنتیقەی بابانەوە

لەشکرێکی مونتەزەم بۆسەندنی حەق رێك ئەخەن

جوان و ڕازاوە بە تۆپی لاکەلی ئەڵمانەوە

بەچکەشێرانی عەشایر بۆقڕانی دوشمنان

هەر وەکو ڕۆستەم ئەکەونە هات و چۆ و جەولانەوە (ئاگرین 85:1996)

گەر ئەو دەقەی سـەرەوە دەرهاویشـتەی هۆشـیاری شـاعیرو وابەستەی یاخیبوونێکی سیاسی بێت، ئەوا هەر هەمان دۆخی سـیاسی لەم پـارچە شـیعرەی لای خـوارەوە دەبێـتە بیـانوو، بـۆئەوەی شـاعیر لە نـاوەڕۆکی شـیعری دڵـداری یـاخی ببێـت و بەگژیدا بچێتەوەو داوا لەشاعیرانی هاوچەرخی بکات، خۆیان بۆ شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی تەرخان بکەن :-

شاعیرانی کورد بەسە،بەس باسی زوڵف و چاوبکەن!

کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن!

لابدەن،کەم باسی سونبول، یا لقی لاولاو بکەن !

ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن !

زوو بە زوو، تـائیش لەدەس دەرنەچـوە ،سـاهەوڵێ بـدەن (خەیات ،147:2019)

ئەمە یاخیبوونێکی ئەدەبییە، لەپێناوی پێویستی پرسی پیرۆزی نیشـتیماندا بـووە، شـاعیر پـێش هەمـوو کەسێ ئەوەی جێبەجێکـردوە و بەشـێکی دیـاری شـیعرەکانی بـۆ گەل و نیشـتیمانەکەی تەرخـانکردووە، بەمەش وتەو کـرداری یەکخستووەو راستگۆبووە لەپەیامەکەیدا، ئەو دەمەی، کە شـاعیر درك بەوە دەکـات، کە مـیللەتەکەی و نەتەوەکەی لەبەردەم هەرەشەو تیاچوون و ژێردەستەییدایە، تێدەگا چیتر پێویستە شیعر لە ئامانجەوە ببێت بەئامراز، ئەمەش بۆ خۆی هەم یاخیبوونە هەم تازەگەری تازەگەرییە .

### ٨-قانع (1898-1965)

یەکێکە لە شاعیرە میللیە بەناوبانگەکانی کورد، کە بەشاعیری چەوسـاوەکانی کوردسـتان نـاسراوە، ژیـنگەی کـۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی شاعیر هەیە، چونکە بەرهەمەکەی وابەستەی هەمان ژینگەیە، کە تێیدا پەروەردە بـووە، یـاخیبوونی شـاعیر بەشـێکە لەگۆشـەگیری و لە کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی و دەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت، (قانع) ژیانی خۆی، هەرگیز لەژیانی نەتەوەکەی باشتر نەبووە، چونکە پڕ لەنەهامەتی بووە :-

کا ئەدا بەسەگ،ئێسقان بەبارگیر

پیرەژن بۆ کوڕ،کچ ئەدا بە پیر

پارە بۆ ڕەزیل،دەس بڵاو فەقیر

وەحشی بەدڵخۆش، عاقڵ مەند زویر

فەلەك هەی نەژیت ،لەڕووی ڕۆژگار! (قانع،1393 :102)

لەم دەقەدا بە کۆمەڵێک وێنەی ساکار باس لە نادادپەروەری و نایەکسـانی چەرخ دەکـات، بەرامـبەر بە بەنـدەکانی، دەقەکە بەشـێوەیەکی گشـتی یـاخیبوونی فەلسـەفی وئـاینییە، شـاعیر نـاڕەزاییەتی خـۆی دەردەبڕێـت بەرامـبەر ئەو دابەشـکردنە ئەزەڵیـیەو یاخییـانە بـیرو هەڵوێسـتی خـۆی بەیـان دەکـات و پێیوایە ئەوپەڕی نادادپەروەرییە :

چەندە قین و قار ناحەق ئەنوێنێ

دڵی چەند هەژار بێ هیچ ئەشکێنێ

پشت لە پیاو ئەکەی ،ناپیاو ئەدوێنێ

بەچۆلەکەی حیز،واشە ئەڕفێنێ

دەك پشتت شکێ چەرخی چەپ کردار!( قانع،1393 :102)

لێرەدا یاخیبوونی شاعیر لەجیاوازییە چینایەتییەکەوە سەرچاوە دەگرێ، کەدوا جـار دەبێتەمـایەی نەهـامەتی کـۆمەڵ، لە

کۆتایشدا شاعیر خودی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتی کردگار ناتوانێت هیچ بکات، ناڵەی بۆ لای کێ بەرێت، دیسان لۆمەی خۆی دەکاو دەڵێ ئەگەر ڕاست دەکەی تێبکۆشە (قانع)، بەڵکو بۆ کوردی مەزڵووم کارێك بکەیت،کە ئەمەش لە هەمان کاتدا یاخیبوونی ئاینی و کۆمەڵایەتی لەنێو شیعرەکەدا بەدی دەکرێت .

قانوونی چەرخ و ڕەسمی زەمانە وەها بووە
جاهیل بە کام و شادۆ،ئەدیبان بە ئاە وەڕاز
مەسنەد بەدەستی حەققە، هەموو ئیشی هەر بەوە
بیکا بە شێتی کێوی وەیان ژیرێ وەك ئەیاز (دیوانی قانع،1393 :128)

## ٩- گۆران(1904-1962)

یەکێکە لە دیارترین شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، لەدنیای نوێخوازی شیعردا خاوەنی کۆمەڵێک داهێنانە، کە لەمێژووی شیعری کوردیدا دەدرەوشێتەوە، شاعیر بە بەردەوام بوونی پێش کاروانی نوێخوازی شاعیرانی هاوچەرخی کەوتووە، ئەو بە زمانزانی و ڕۆشنبیری هۆشیارییەکەی وردتر لەبابەتەکان دواوە و خستوونیەتەڕوو :-

دەمی ڕاپەرینە،دەمی ڕاپەرین!
هەتا کەی بە سستی و بە پەستی بژین؟
پەلامارده،ئەی کورد ،ئەرەقرشتنێ!
لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ!
..............................................
بەیەکبوون ئەبێ :
گەلت پێش کەوێ! (مەلاکریم1980: 403)

لێرەدا شاعیر گیانی یاخیبوون وە هەست کردن بە بەهێزی بەرەی گەل داوای ڕاپەرین دەکات، ڕاپەرین ئاخر وێستگەی یاخیبوونە، ڕاپەرین واتە ڕووبەڕووبوونەوەی مان و نەمان، لەپاڵ ئەمە داوای بەلاوە نانی پرسی ناکۆکی نێوان چین و توێژەکان دەکات، کە ئەوەش دیسان پاڵنەرێکی بەهێزە، بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و بەئامانج گەیشتن، چونکە دەزانێ کەمتەرخەمی نواندن ئامانجێکی پێچەوانەمان دەداتێ :-

لە باوەشتا پشووی عومرم نەدی تاوێ بەسەربەستی ،
هەتا مردن زرەی زنجیری دیلی بوو لە گەردنما ،(مەلا کریم،1980:266)

میللەتی کورد هەمیشە بەهۆی داگیرکردنی خاکەکەی میللەتێکی ژێردەستە بووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی وەکو میللەتێکی سەربەخۆو دەسەڵاتدار توانای بیرکردنەوەو بڕیاردانی نەبێت، بۆیە تاکەکانی کورد لەو بارودۆخە یاخی دەبن وهەوڵی تێپەڕاندنی ئەو واقیعە دەدەن، بۆ ئەوەی لەو ژێردەستەییەی، کە بەزۆر سەریاندا سەپاوە ڕزگاریان ببێت، ((گیانی ڕووبەڕوو بوونەوە و ڕازی نەبوون لەدەسەڵات و سەرهەڵدانی هەستێکی نەتەوەیی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت، کەئەویش لە ئەنجامی پەراوێزخستنی کوردو گوێنەگرتن لەداخوازییەکانیان بووە))(صالح،2012:197) لێرەدا وێنەی کۆمەڵگای کوردیمان بۆ دەکێشێت لەوسەردەمەدا، هەروەها پیشاندانی ناڕەزایی هەمووو هەوڵەکانی نەتەوەی کورد وبەگژداچوونەوەی دەسەڵات وڕەتکردنەوەی واقعی بەزۆر بەسەردا سەپێنراو:

لە دنیای رووناکتا منیش گیانێ بووم
لە لەشی جوانا ،
وێنەی پەپوولەیەك ئەهاتم و ئەچووم
بە ناو گوڵانا!
کۆشی گەرمی دایك جێگای نازم بوو،
گیان بووم لای باوك،
ناوبانگی چاوڕەشی و ڕشتەی ڕازم بوو،
بوو بوو بە لاوك،
بەڵام ئاخ کە ناڵەی لاوکی لاوان
زوو مەستی کردم،
بەرێی عەشقی پاکا نام مل و تاوان
بۆ لارێی بردم ! (مەلا کریم،1980:209-210)

(گۆران) لێرەدا دژی چەوساندنەوەی ئافرەت بووە لەکۆمەڵگەی کوردیدا، بێگومان چەوسانەوە و جیاوازی چینایەتی بابەتێکی دیاری یاخیبوونە، کەلەشیعری(بەردەنوسێك)ی شاعیردا تەواو ئەو جیاوازییە چینایەتی و چەوساندنەوەی ئافرەت دەبینین، ئەم یاخیبونە، بۆ خۆی یاخیبوونێکی کۆمەڵایەتییە، کەشاعیر ((بەناوی ژنەوە جیاوازی چینایەتی و دواکەوتوویی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو، بەزمانی ژن و چوونە ناو کەسایەتی ژنەوە، بۆ دەربڕینی ماف و ئازارەکانی بۆ ئەوستەمەی کۆمەڵگەوخێزان لەرەگەزی مێ دەیکات))( عەبدوڵا،2007:99)، کە گەورە کچێك بەناحەق دەکوژرێت و ((لەم بارودۆخەدا گۆران درکی بە هەستیاری ئەم بابەتە کردووە و هەوڵی داوە، بە جۆرێك وێنای ئەم دیاردەیە بکات و کۆمەڵ لە ئاکامە خراپەکانی هۆشیار بکاتەوە )) (صالح،2012:182)، کە ئەم چیرۆکە تەواو ناعەدالەت و پڕ کارەساتە، چونکە جیاوازی لە نێوان کچ و کوڕانی کۆمەڵگا دەکات، بەپێی دەسەڵاتی کۆمەڵگە کچ مەحکوم و کوژراو بێت کوڕیش بە سەربەستی و ئازادی بژی باجی تاوانەکانی نەدات، بابەتی هۆشیاری تاك بە گشتی و ئافرەت بە تایبەتی ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە، چونکە ئافرەتی هۆشیار و ڕۆشنبیربە ئاسانی بە لارێدا نابرێت، کەواتە ((ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری کچەش ڕۆڵی هەیە، لەدروستکردنی ئەم مەرگەساتەدا بۆخۆی! چونکە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیاری چەکێکە بۆ بەرگریکردن لە خودو ڕێگرە

لەهەڵخەڵەتانــدن و بەلارێــدا بــردن)) (صــاڵح،2012: 183-184)

کوڕی شوانە کە ئەمەی بیست شێت بوو،دایەکێو،
زەویی داگرت بەتفکردن ،ئاسمان بە جنێو !
چەن جارێ شەو ماڵی ئاغای دایە بەر تفەنگ ،
دەغڵی سووتان ،باغی بڕی ،بۆ ئەتك و بۆ پەنگ:
کلك و یاڵی چەن چارەوێی قەل کرد بەخەنجەر ،
بەسەرانی ئاغایا دا و مەڕی دایە بەر
تاکو دوایی ڕۆژێ بەختی نۆکەری ئاغا
خەوی لێ خست لە سێبەری درەختی باغا،
پەنجەی کینە لەسەر پیلکەی تفەنگ کەوتە کار،
کۆســتی دڵی بــۆ ئێجگـاری کەوت کـچی جووتیـار ! (دیـوانی گۆران،73:1389)

لێرەشـدا هەر جیـاوازی چینـایەتی بـاڵای بەگیـانی یـاخیبوونی شـاعیر بەهـۆی یاخیبوونی کوڕەی جوتیارەوە کردووە، باسی یـاخیبوونی یـار لەداب و نەریـت و کۆمەڵگاو بـێزاری دەربـڕین بەرامبەر دەسـەڵاتی ئاغاو کاربەدستانی ئەو سـەردەمە دەکات، بـۆیە (محەمەدی مەلا کەریـم) دەربارەی دۆزو پـرسی ژن لای (گـۆران) دەڵێ: ((شـاعیرێ، کە تونـدوتیژترین دەنـگی بـێزاری لەبـارەی پـڕ جەورو سـتەم و دواکەوتــووی ژیـانی ژنی کـورد دەردەبـڕێ ولەشـێوەی دەربڕینـا گەیشـتبێتە چڵەبـۆپە تەنهـا (گۆران)ە، گۆرانی مەزن بەر لەوەش ئاگاییەکی سیاسی بەبیری زانستی نوێ، موتوربەکراوە پەیدا بکا وەك مرۆیەکی تاڕادەیەکی قـووڵ لەمانـای مرۆڤـایەتی گەیشـتووە تـامی جـوانی چەشـتوو ڕازاوەتـــرین بەرهەمی خــــۆی بــــۆ ژن تەرخــــانکردووە)) (مەلاکەریم،13:1975).

### ١٠- فائق بێکەس (1905-1948)

شاعیرێکی ئازادیخواز و چاونەترس بووە خاوەنی دەنگێکی یاخی و پـڕ لەرەتکـردنەوەو پاپەنـد نەبـوو بە سـتەمی دەسـەڵات، لەم دەقەدا بەویەری بـوێری بەگـژ دوژمنـدا دەچێـت و یاخییـانە ڕووی تێـدەکات و جـاری شـۆڕش و بەرەنگـاری دەدات، کە دووبارە میللەت لە خەوی غەفڵەت ڕادەپەڕێ وراپەڕین بەرپا دەکات، بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەرو مل کەچ نەکردن، بـۆ دەسـەڵاتی سـیاسی ئەو سـەردەمە بەم چەشـنە ((بـێکەسی نیشـتمان پەروەری دڵسـۆز هەروەك بڵێسـەی ئـاگر، بەرووی ئەو خۆفرۆش و بێ میللەت و بێ نیشتمانانەدا بەرز ئەبێتەوە)) (مەلا کەریم ،25:2011) :-

قەت وا تێمەگەن چاومان شکاوە
کوشتن و بڕین دائیم بۆ پیاوە
لەناو دۆشەکا کەی حەق سەنراوە
خەیاڵتان خاوە کورد نەفەوتاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە
میللەت مەتینە عەزمی نانەوێ
لەغایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ
لەت و پەت کرێ حقوق ئەوێ(مەلا کەریم ،28:2011)

شاعیر گیانی یاخی بوونی خۆی دەردەخات، کە خەونی هەموو کەسێك بۆ نیشتمانەکەی تەنها ئازادی و سەربەستییە، لەگەڵ ئەوەشـــدا دادپەروەری بەرقەرار بێــت، لە نێــو کۆمەڵگــادا (بـێکەس) بـۆ ڕزگاربوون لە دەسـەڵاتی سـیاسی ئەو سـەردەمە، لەسـایەی سیاسـەتی سـەپێنراودا جـاری یـاخی بـوون دەدا و بـۆ ئـازادی و سەربەســتی خــاکەکەی، چیــتر نــایەوێ درێــژە بەسیاسـەتی قایلبوون بەدەسـەڵات تەفرەدەر بکات و بەگژیدا دەچێـتەوە، بەڵام هێشـتا ئومێـدی بەوە هەیە، کە ڕۆژێـك دێـت خـۆری ئـاواتی ئەم نەتەوەیە هەڵدێ و دەسـت و چـاوی تاکەکانی ئەم نەتەوەیە دەکرێتەوە ئەوکاتە سوێند دەخوا، کە خـوای گەورە مەودای بـدا دوژمـن لەت و پەت بکا بیخـاتە ژێر پێیەوە .

بێ قوسوورە،چەند جەسوورە سەد شوکر ئەولادەکەت
وا لەرێی تۆدا لە خوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە
بەسیە ، تەعنەم لێ مەدە،هەرۆڵەکەی جارانتم
هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەست و پێم ئەکرێتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا
دوژمنــت پەت کەم وەکــو ســەگ بـیخەمە ژێـر پێـتەوە (مەلا کەریم ،25-24:2011)

(بـێکەس) دەگاتە لـوتکەی بەگژداچـوونەوەی دەسـەڵاتی ئەو سـەردەمە پیشـاندانی ئاسـتی بـاڵای یـاخی بـوون لـێی، تـا دەگاتەئەوەی، کە ((ڕاپەڕینی خەڵك بە مژدەی بەختەوەری و دوارۆژی گەل دائەنێ)) (مەلا کەریـم ،23:2011) لەڕاسـتیدا بەختەوەری و یەکسانی و ئازادی هەر لە هەوڵ و تێکۆشانەوە سەرچاوە دەگرێ وکڵۆڵی و بەدبەختی لەسەر شۆڕیدایە، بۆیە لـێرەدا شـاعیر هەڵوێسـتی خـۆی بەرامـبەر ئەو دیـاردە نـاشرینە دەخاتەڕوو، کە تاڕادەی پەست بوون یاخی دەبێ و بەگژیاندا دەچێتەوە، لەپاڵ یاخیبوونی سیاسی ،(بێکەس) هەندێ جار لەدیاردەو دیمەنە کـۆمەڵایەتییە دزێوەکانیش یـاخی دەبێـت و ڕووبەڕوویــان دەبێــتەوە دەقی ( نەسریــن ) نمــوونەیەکی ئەو بابەتەیە :-

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە
گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە
وامن پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە
وەك خوشك و برا ئەبێ هەردووکمان
قۆڵی لێ هەڵکەین بچینە مەیدان
تا کورد بەرینە ریزی میللەتان

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە (مەلا کەریم،2011:105-106)

ئەم یاخیبوونە کۆمەڵایەتییە، تەنها یاخیبوون نییە لەسەرپۆش، بەڵکو سەرپۆش خوازەیەکی پارچەییە و مەبەست لە هەمووە، بەواتایەکی تر مەبەست لە قەتیسبوونی کچانە لەماڵ و ژێردەستە بوونیانە، شاعیر دەیەوێ ئەو تەلیسمە بشکێنێ و کچانیش وەک کوڕان بێنە کۆڕی خەبات و تێکۆشان بەو ئومێدەی بەرەی بەرگری نەتەوەیی بەهێزتر ببێت، لێرەدا ((داوای یەکسانی کۆمەڵایەتی بەرامبەری ژن و پیاو دەکات و پێی وایە تا ژن و پیاو وەك یەك بەشدار نەبن لە بوارە ڕۆشنبیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، مەحاڵە کۆمەڵگا ڕزگاری بێت)) (ئاشنا،2008:49)

## ئەنجام:

هەرلە کۆنەوە لەگەڵ پەیدابوونی کۆمەڵگەدا دیاردەی یاخیبوون بوونی هەبووە ،بەڵام بەپێی کات و شوێن و کۆمەڵ گۆڕاوە ، لەو پێناوەشدا گەلێ لە شاعیران و نووسەران و فەیلەسۆف و دەروونناس و کۆمەڵناسانی جیهان لە دیاردەکەو روانگەکانی دواون ، مێژوو واقیعی گەلی کوردیش وایکردووە ئەم دیاردەو جۆرەکانی لای شاعیرانی کورد هەر لە بابە تاهیری هەمەدانییەوە هەتا بێکەس رەنگبدەنەوە ، بەگشتی ستەمی سیاسی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و جیاوازی چینایەتی و ئایینی ،هەروەها دادپەروەری و یەکسانی ئەمانە بەگشتی بوونەتە هەوێنی لەدایکبوونی بیری یاخیبوون لای شاعیرانی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین یاخیبوون لای شاعیرانی کورد یاخیبوونێکی ئەرێنییەو ئامانجی شاعیر لە پێناو بەرەوباشترکردنی دۆخی کۆمەڵ و گەلەکەیەتی بۆ واقیعێکی باشتر،بۆ سەرهەڵدانی ئەو گیانی یاخیبوونەش لای شاعیرانی کورد، هەندێ جار کێشەو گرفتە کەسییەکان و گەلێ جاریش پرسە گشتییەکانی کۆمەڵ دەبنە هۆکار، دواجاریش ڕوحیەتێکی ڕەخنەگرانە و تاڕادەیەك بەرهەڵستکارانە دەخولقێنن و ئەمەش بە پێی ڕێژەی جێکەوتە دەروونییەکان لای شاعیرانی کورد، بە چۆنێتی و چەندێتی جیاوازەوە دەبینرێن .

## سەرچاوەکان:


1. ئاشنا، (2008)، ئومێد ئاشنا ، دیوانی بێکەس، چ1، سنە.
2. - بەسیر، (2015)، کامل حەسەن ، مێژووی ڕەخنەسازی، چ1، چاپخانەی تاران ، سلێمانی .
3. - بەرزنجی، (2020)، ئازاد بەرزنجی،چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ4، سلێمانی.
4. - پیرۆت ، (2020)، بارزان عەلی ، دیاردەناسیی مرۆڤ لە شیعرەکانی نالی دا ، چ1، چاپخانەی مێخەك ، تاران .
5. - خەیات، (2019)، کاروان عوسمان،(ڕێبین)، کۆبەرهەمی ئەحمەد موختارجاف (شیعر،چیرۆك،پەخشان)، چ1، چاپخانەی ئیتشاراتی کوردستان ، کوردستان.
6. - خەزنەدار، (2010)، مارف ،مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاراس، چ2، هەولێر.
7. سالح ، (2012)، ئاوارە کەمال ، رەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
8. ڕەسوول ، (2008)، عیزەدین مستەفا، ئەحمەدی خانی (1650-1707)شاعیرو بیرمەند، فەیلەسووف و سۆفی ، سلێمانی.
9. - گۆران ، (1389)، عەبدوڵڵا گۆران، دیوانی گۆران ، چ4 ، چاپخانەی داڵەهۆ، تهران.
10. - قانع، (1393)بورهان، دیوانی قانع، چاپی داڵاهو، چ 8، سنە.
11. عەلی، (2009)، کاروان عوسمان، چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی، چ1، سەنتەری مرواری بۆ گەشە پێدانی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی، خانەقین .
12. - مەلا کریم ، (1980)، محمدی ملا کریم، دیوانی بێکەس، کتێبخانەی (الطلیعة) لە کەرکوك بڵاوی کردۆتەوە، چ2، بەغدا، چاپخانەی (الادیب).
13. - میرە، (2020)، ئەحمەد محمد رشید، یاخیبوون لە نیشتمان، سیاسەت وئایین لە جیهانبینی (شێرکۆ بێکەس و ماغوت)دا ، چ1، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
14. - مەلا عبدالکریم و کورەکەی، (1976)، لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریم مدرس و محمدی مەلا عبدالکریم نالی، چ1، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.
15. - مەلا کەریم، (2011)، مەحەمەدی مەلا کەریم، دیوانی بێکەس، چ2، چاپخانەی شڤان.
16. - مدرس ، (1386)، مەلا عبدالکریمی مدرس، دیوانی مەولەوی، چ4، بڵاوکردنەوەی کوردستان
17. - میران- شارەزا، (1390)، سەردار حەمید میران و کریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چ1، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە،
18. - نقشبندی، (2004)، غیاث الدین ،نامۆیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چ2، سلێمانی.
19. - هاوار، (1397)، موحەممەد رەسول، دیوانی پیرەمێرد، چ1، کانی کتێب، سنە.
20. - بەکر، (2005)، فوئاد ڕەشید، فەرهەنگی فوئاد ئینکلیزی – کوردی، چ2، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی .
21. - پوور، (2008)، هەژیر عبدولا، فەرهەنگی هەژیر فارسی- کوردی ،چ 1، چاپخانەی خانی، دهۆك.
22. - رەهنمون، (1388)، ممردۆخی کوردستانی، موحەمەد، لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی ڕەئوف رەهنمون، فەرهەنگی مەردۆخ، کوردی – فارسی – عەرەبی ، چ1، خانەی بڵاوکردنەوەی پڕتەوبەیانسنە.
23. - حسن، (2007)، شەوکەت مەلا اسماعیل حسن ، فەرهەنگی شوان، کوردی – کوردی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
24. - موکریانی، (2017)، گیوی موکریانی ، فەرهەنگی کوردستان کوردی – عەرەبی ، چ2، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
25. - ناهید، (2011)، محەمەد، فەرهەنگی ناهیدە (کوردی –کوردی –فارسی)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

26. - نظامدین، (1990)، فاضل، فەرهەنگی ئەستێرەگەشە کوردی – عەرەبی.

27. بیمار، (1970)، عبدالرزاق، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە( 17)، بەغداد.

28. - عبدالله، گەردی، (2021)، شوان نوری عبدالله، سەردار ئەحمەد گەردی ، یاخیبوون لە نیشتمان لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت )داگۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(8) .

29. - علی،توفیق، (2016)دڵشاد، د.ئاڤان علی میرزا، فەرهەنگی شیعری کلاسیکی کوردی لەنێوان لاسایی کردنەوەو داهێناندا (نالی، سالم، مەحوی)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی سێیەم، ژمارە(8)، تشرینی یەکەم.

30. مەلا کریم ، (1975)، محەمەدی ، خەباتی شیعری کوردی لەپێناوی ئازادی ژندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە(26)

31. عثماني، (2018)، امزرار - مليكة عثماني، كريمةامزرار، التمردد في كتابات نوال السعداوي"مذكرات طبية"أنموذجاً.

32. جعفر، (1998)، د.عبدالكريم راضي، رماد الشعردراسة في البنية الموضوعية والفنية لشعر الوجداني الحديث في العراق، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد .

33. - رسول، (1979)، عيزدين مصطفى، احمدى خانى 1650-1707شاعرا ومفكره فيلسوفا ومتصوف، كليه الادب، جامعه بغداد، مطبعه الحوادث، بدون ط، بغداد.

34. فوكو، (1990)، ميشيل فوكو، تر، على مقلد نسق التمرد، المراقبه والمعاقبه – ولادة السجن، مراجعة،مطاع الصفدى، مركز الانماء القومي، بيروت ، لبنان.

**35.** الفراهيدى، (100-175 هـ )، لابي عبدالرحمن الخليل بن احمد، كتاب العين، الجزء الثامن،سلسلةالمعاجم والفهارس، دار الكتب العلمية، بيروت -لبنان.

**36.** ابن منظور، (1984)-(1402هـ)، جمال الدين منظورالأنصارى الرويفعي الافريقي، لسان العرب، جزء الثالث، مطبعة الجوائب قسطنطينية، الطبعه الاولى، دمشق سوريا .

37. البعلبكى، (2010)، منير البعلبكى، د.رمزى منير البعلبكى، فەرهەنگی الموردالحديث انكليزى عربي، الطبعةالاولى، دار العلم للملايين، لبنان.

38. - أسماعيل، (2011)، رێبوار محمد، داهێنانی شیعریی (نالی)لە ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە، نامەی ماستەر، هەولێر.

39. - سابیر، (2008)، پەرێز ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوە شیعر، چ1، هەولێر.

40. - سعید، (2010)، ناز ئەحمەد، لادان لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، نامەی ماستەر، سلێمانی .

41. - طه، ( 2006)، هاوکار مامەند، قەدەغە شکێنی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا( 1980- 1991 )، باشوری کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

42. - گولی، (2008)، عبدالقادر نوری عبدالکریم ، یاخیبوون د ناڤ هوزانا نویخازا کوردیدا ( سەلمان کوڤلی وەك نموونە)، هەولێر.

43. - محەمەد، (2014)، یوسف ئەحمەد ، شیعری کوردی لە ژێر چەمکی ڕیالیزمدا (1900-1950)، نامەی ماستەر، سلێمانی.

44. سلوم، (2007) سفانة داود ،ظاهرة التمرد في ادبي الرصافي والزهاوى، كلية التربية-ابن رشد، جامعة بغداد، رسالةماجستر،بغداد.

45. عساف، (2020)، نوال محمد، قياس مستوى التمرد النفسي في المدارس الثانوية من وجهة نظر المدرسين، مجلەجامعه بابل للعلوم ألانسانيه، المجلد28، العدد(3).

46. غازى، عبدالله، (2018) امير احمد غازى، فاطمة لطيف عبدالله، مفهوم التمرد واشتغالاته بالفن المفاهيمى (جوزيفبويز اشكلا)، مجلة جامعة بابل العلوم الانسانية، المجلد 26،العدد(6).

47. - فتحيه، رانية، (2019) حاجى فتحية، زعمون رانية، ضاهرة التمرد في رواية الاجنحة المتكسرة (جبران خليل جبران)، رسالة ماجستير، الجمهورية الجزائرية الدمقراطيه الشعبية .